

# تیپی ئۆرکسترای ژێداری کورد لە ڤیەننا

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی هونەرمەندانی کورد لە ڕەوتی هونەریی کوردی ناڕازین، بەڵام زۆر جاریش لێرەو لەوێ چەند چالاکییەکی گەورە دەبینین، کە هونەرمەندانی کورد لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی کاردەکەن و خەڵات بەدەست دێنن، کە ئەمە بۆخۆی مایەی خۆشحاڵی و دەرکەوتنی خۆرێکی نوێیە لەو هونەرەی کە مایەی نیگەرانیی هەندێ لە هونەرمەندانە.

بەمەبەستی بەشداریکردن لە فێستیڤاڵێکی مۆزیکی کلاسیک، ئێوارەی 7/4 تیپی ئۆرکسترای ژێداری کورد گەیشتە ڤیەننای پایتەختی نەمسا بۆ بەشداریکردن لە فێستیڤاڵی مۆزیکی کلاسیک، کە پاشتر و بە سەرپەرشتیی چوار پرۆفیسۆری مۆزیکی تیپی ژێدار پلەی دووەمیان لەم فێستیڤاڵەدا بەدەستهێنا.

زۆزگ قەرەداغی ئەندامی بەشداربووی ئەم گروپەبوو بۆ نەمسا، وتی" ئێمە کۆمەڵێك مۆزیککاربووین لە سلێمانی و هەولێر بە مەبەستی بەشداریکردن لە فێستیڤاڵێکی لاوان لە نەمسا بەشداریمان کرد و توانیمان ئاستی دووەم لە فێستیڤاڵەکەدا بەدەستبێنین، جگە لە نمایشکردنی میلۆدییەکی کوردی، من بەناوی میلۆدی سەمای ژمارە ( 1)ی کوردی کە خۆم ئامادەم کردبوو، بێگومان ئەمە بۆ یەکەم جارە

میلۆدی کوردی لە نەمسا مەڵبەندی مۆزیکی جیهانی و هۆڵی (گۆڵدن هۆڵ ) نمایشبکرێت، ئەم هۆڵە یەکێکە لە هۆڵە گەورەکانی جیهان، کە مۆزیککارەکان شانازیی پێوەدەکەن.

لەم فێستیڤاڵەدا نزیکەی سەد وڵات داوای پێشکەشکردووە بۆ بەشداریکردن، بەڵام 12 وڵات بەشدارییان کرد، کە یەکێکیان تیپی ئۆرکسترای ژێداری کوردستان بوو.

ڕێژنە سامی مۆزیککارێکی تیپی ژێداری کوردستانە، سەبارەت بەم فێستیڤاڵە، وتی "ئێمە ئەو کۆمەڵە گەنجەی کە بەشداریمان لەم فێستیڤاڵەدا کرد، یەکەم تیپی مۆزیکی کوردییە لە فێستیڤاڵێکی مۆزیکی کلاسیکی بەشداربێت لە ئەوروپا. پێشتر ئێمە مادەکانمان نارد پاش بەدڵبوونی بەرپرسانی فێستیڤاڵ ئەوسا بانگێشتەکەمان پێگەیشت و ڕۆیشتینە نەمسا. خۆشبەختانە چ ئەو مۆزیکە کلاسیکییەی نمایشمانکرد، چ ئەو میلۆدییە کوردییەی ژۆزگ قەرەداغی زۆر جێگەی ڕەزامەندیی ئامادەبووانی فێستیڤاڵەکە بوو..

(ژۆزگ قەرەداغی)یش سەبارەت بە بەرهەمە کوردییەکانی لەو فێستیڤاڵە جیهانییەدا دەڵێت "دوو میلۆدی من لە فێستیڤاڵەکەدا پێشکەشکرا، کە یەکێکیان میلۆدیی عەلی مەردان بوو، ئەوی دیکەشیان میلۆدیی مەزهەری خالقی بوو، کە من ئامادەم کردبووەوەو فۆرمێکی پرۆفیشناڵیم پێ بەخشیبوو، لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەم پێشکەشمانکرد. سەبارەت بە پرۆگرامی ئەم گەشتە هونەرییەیان و پێشکەشکردنی مۆزیکی کلاسیکی لەو وڵاتەدا، ژۆزگ وتی "ئێمە کە کارئاسانیمان لەلایەن وەزارەتی وەرزش و لاوانەوە بۆ کرابوو، بۆ بەشداریکردن لە فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی مۆزیکی لاوان لە نەمسا. هەرچەندە گەشتەکەمان کەم بوو، تەنها حەوت ڕۆژبوو، بەڵام توانیمان چەند چالاکییەکی گەورەی مۆزیکی نمایش بکەین، لەوانە یەکەم کۆنسێرتمان لەبەردەم چوار پرۆفیسۆری مۆزیکیدا بەئەنجامگەیاند و زۆر جێگەی ڕەزامەندییان بوو، لە فیستیڤاڵەکەشدا پلەی دووەممان بەدەستهێناو بینەرێکی زۆریش ئامادەی نمایشە مۆزیکییەکەی ئێمە بوون، دواین ڕۆژیش لە هۆڵی زێڕینی (مۆزیك ڤێرین)، کە یەکێکە لە گەورەترین هۆڵە مۆزیکییەکانی ئەوروپا دەرفەتیان دا بە گروپە سەرکەوتووەکانی فێستیڤاڵ بۆ نمایشکردن. مادەکەی من لەوێدا نمایشکرا، ئەوەی جێگەی خۆشحاڵیی من بوو، ئەم هۆڵە ئاڵتونییە یەکەمجارە مۆزیکی ئۆکسترای کوردیی تێدا پێشکەشبکرێت. ئەم هۆڵە نزیکەی 600 ساڵ لەمەوبەر دروستکراوەو زۆرێك لە مۆزیککارە جیهانییەکان خەون بەوەوە دەبینن لەم هۆڵەدا نمایشێکی مۆزیکی بکەن.

(ئالان کامیل)یش یەکێکی تربوو لە بەشداربووانی ئەم گەشتە هونەرییە، بەشداریکردنی خۆیانی لە فێستیڤاڵێکی وا گەورەدا بە گرنگ وەسفکردو وتی "هەوڵێکی باشە ئێمە کۆمەڵێك گەنج بووین، توانیمان لە ناوجەرگەی ئەوروپا و بەتایبەتیش لە نەمسا زێدی سەرهەڵدانی مۆزیك بتوانین کاری مۆزیکی کلاسیك پێشکەشبکەین. بەبڕوای من ئەمە سەرکەوتنێکی زۆر باشەو دەروازەیەکە بۆ کردنەوەی دەرگا داخراوەکانی مۆزیکی کوردی بەدەرەوەی سنورەکانی خۆمان.."



دواجار زۆزگ قەرەداغی سەبارەت بە بەرنامەی تریان لەو سەفەردا، وتی "ئێمە جگە لە بەشداریکردن لەو فێستیڤاڵەدا و گەڕان و بینینی شوێنە هونەرییەکانی ئەو وڵاتە، لەهەمانکاتدا سێ وۆرك شۆپمان لەسەر دەستی چەند پرۆفیسۆرێکی هونەری خوێند، کە دوو لەو وۆرك شۆپانە لەسەر دوو بەرهەمەکەی مۆزارت بوو، ئەوی تریشیان لەسەر مۆزیکی جیهانی بوو، کە سوودێکی زۆرمان لەم وۆرك شۆپانە بینی و بووە سەرەتایەکی باش بۆ کاری هونەریی ئێمە لە مۆزیکدا.

سەبارەت بە پڕۆژەی داهاتووی تیپی ئۆرکسترای کوردستان، زۆزگ قەرەداغی وتی "دیارە ئێمە وەك تیپی ژێداری کوردستان تازە دامەزراوین و خۆشبەختانە یەکەم چالاکیمان ئەو بەشداریکردنە بوو لە ڤیەننا، بەدڵنیاییەوە چالاکیی تریشمان دەبێت چ لەسەر ئاستی ناوخۆ چ لەسەر ئاستی دەرەوەی، لە داهاتووشدا چالاکی و بەرهەمی باشتر و هونەریی تر ئامادە دەکەین، دیارە بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە پێویستیمان بە هاوکاری هەیە، جگە لەوەش پێویستە لەناو خۆماندا تەبابین و هەوڵی سڕینەوەی یەکتر نەدەین و پەیامی ڕاستەقینەی هونەری بگەیەنین، نەك خۆدەرخستن و هەوڵی سڕینەوەی یەکتر. بەداخەوە دەڵێم تا ئێستا ئەم کارە ناتەندروستانە لەناو هەندێ هونەرمەندا ماوە !.




ئیدوین مارکهام 23ی ئەپرێلی 1852 لە ئۆرگۆن لەدایکبووە. لە تەمەنی زۆر منداڵییەوە خێزانەکەیان ڕوو دەکەنە کالیفۆڕنیا. خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی هەر لە کالیفۆڕنیا تەواوکردووەو دواجار هەر لە زانکۆی کالیفۆڕنیا وەرگیراوەو بڕوانامەی لەو زانکۆیە بەدەستهێناوە.

دوای ئەوەی مارکهام زانکۆ تەواو دەکات، هەر لە کالیفۆڕنیا دەبێت بە مامۆستا و تا ساڵی 1899 لە چەندین قوتابخانەی ئەو ناوچەیەدا وانەی وتووەتەوە. بەڵام کاتێك مارکهام لە " San Francisco Examiner " شیعرێکی بڵاوکردەوە، بەناوی " The Man With the Hoe" ئیدی بەشێوەیەکی فراوان ناوبانگی بڵاوبۆوە. دواتر ئەم شاعیرە بەردەوام دەبێت لە نووسینی قەسیدەکانی و لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا دەبێتە یەکێك لە شاعیرە بەناوبانگەکانی ئەمریکا. ئیدی مارکهام دوای ئەوەی ناوبانگێکی فراوان لە بواری شیعرنووسیندا پەیدا دەکات، کالیفۆڕنیا جێدەهێڵێت و ڕوو دەکاتە شاری نیۆیۆرك و لەوێ بەردەوام دەبێت لە شیعرنووسین.

مارکهام ساڵی 1940 کۆچی دوایی کردووە.

**نموونەیەك لە شیعرەکانی:**

**نوێژکەرێك**

خودایە فێرمکە چۆن دەڕۆی
نەرم وەك هەنگاوەکانی گەشەی گیا
هێمن وەك ڕۆحم کە بە شۆك ئاشنا دەبێت
لە دنیایەکی دڵڕەق وەك بەرد
بەڵام ڕۆحم بەرگەی هێز دەگرێت
ساکاریشە وەك سادەیی گوڵ
لێگەڕێ دڵی وشك گڵاسەکەی پڕ بکات
وەك چۆن گوڵە خەشخاش هەڵدەگەڕێت
لێگەڕێ ژیان گوڵ لەسەرنێت
کاتێك دڵی پڕ دەبێت لە شەونم
ژیانی نوێ دەبێتەوە..

* * *

خودایە فێرمکە چۆن بم
بە ڕەحم و بەزەیی وەك درەخت
بەجۆش و خرۆش وەك گۆرانییەکی هێمن
نیوەڕوان لەژێر سێبەری داربەڕوویەکدا
یان جوانی برۆیەکی چەماوە
ڕەشاییەکانی ژێر چادرێکی ساردوسڕ
هەروەها لێمگەڕێ لە پنتێکدا دڵخۆش بم
مەزرایەکی داپۆشراو یان باخچەیەکی بێ گوڵ
شوێنی ڕۆحە گەڕۆکەکان کە بتوانن پشوو بدەن
خودایە بمخە سەر ڕێگایەك
باشترین ڕێگا.

**و. لە ئینگلیزییەوە: عەزیز ڕەئووف**

# ئاڤان سدیق

## لەناو یادەوەریی ڕوخسارەکاندا



ڕوخسارەکانی مرۆڤ جیاوازییەکانی بینین، یەکێکن لەو تایبەتمەندییانەی کە کارێکی هونەری و بنەمایەکی جیاوازی تر لە زیهنی هونەرمەنددا دەخولقێنن، هەر بۆیە هەردەم ئیشکردنی هونەرمەند دۆزینەوەی ڕوخسارو مەودا قوڵەکانی بینینی ئەو پانتاییەیە کە لەئەنجامی بەریەککەوتنی کاری هونەرییەوە دروست دەبێت. ئیشکردنی ئاڤان سدیقیش لەو ڕوخسارانەدا ئەمە یەکێك بووە لە ئامانجە سەرەکییەکانی، بەتایبەتیش لەو پێشانگە ئینستالیشنیەدا، کە نمایشکرد.

ئێوارەی 7/16 لە هۆڵی گەلەری سەردەم ئاڤان سدیق پێشانگەیەکی ئینستالەیشنی کردەوە، پێشانگەکەی بریتی بوو لە کۆمەڵێك ڕوخسارو پۆرترێتی دەموچاوی چەند کەسێکی جیاواز، جیاواز لە ڕوخسارو تەمەن و یادەوەری. ئیشکردنی ئاڤان لە ڕوخساری مرۆڤەکاندا ئیشکردنێکە بۆ دۆزینەوەو ئاشکراکردنی ڕەهەندە نادیارو فەنتازییەکانی ناخی مرۆڤ، کە دەکرێت ئەو ڕەهەندانەش لە هەر ڕوویەکەوە سەیر بکرێت ماناو دەلالەتی جیاوازی هەبێت، ئەمە جگە لەوەی هەریەکێك لەو ڕوخسارانە یادەوەرییەکی تایبەتی هەیە، کە دەکرێت ئیشکردنی هونەرمەند لەو ڕوخسارانەداو دانانی لەسەر ڕویەکی شوشەیی لە سەرەتاییترین مانادا دەرخستنی ڕووە هەمەلایەن و گۆشە جیاوازەکانی بینینی مرۆڤ بێت، خاڵێکی تریش کە تایبەتمەندیی ئەم پێشانگەیەی جیادەکردەوە لە زۆرێك لە پێشانگەکانی تر دانانی تابلۆکان بوو لە پانتایی هۆڵەکەدا، بەجۆرێك هەر یەکە لەو تابلۆیانە لە چەند لایەنێکەوە بینەر دەیتوانی بیانبینێت و هەر لایەنێك لەو لایەنانەش دەرخەری ڕویەکی تابلۆکە بوون. لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەوەی کە تا چ ڕادەیەك هۆڵەکە گونجاو بووە بۆ نمایشکردنی کارە هونەرییەکانی، ئاڤان سدیق وتی "بەڕاستی تا ڕادەیەك ئەم گەلەرییە زۆر گونجاو نەبوو بۆ تابلۆکانم، بەڵام لە هەموو هۆڵەکانی تری وەك مۆزەخانەوەو گەلەری ئارام باشتر بوو، چونکە ئەوان زۆر بچوکن، بەڵام گەلەری سەردەم ڕاستە گەورەترە، بەڵام سەقفەکەی زۆر نزمە، جگە لەمە شوێنی تر نەبوو، گەر نا دەبایە لە هۆڵێکی زۆر گەورەتردا ئەم کارانە نمایش بکرایە، چونکە سروشتی کارەکان وادەخوازێت.



# دڵە ئاوییەکانی تریفە



ڕۆژی شــەممە 7/21 لــە هــۆڵی مۆزەخانــە پێــشانگەیەکی فۆتــۆگراف بــۆ هونەرمەنــد (تریفــە ئــەنوەر) کرایـــەوە. پێـــشانگەکە 34 تـــابلۆی فۆتۆگراف لەخۆگرتبوو، کــە بــە فــۆرم و شــێوازێکی تایبەتمەند مامەڵەی لەتەك ئاودا کردبـوو. ئـاو لـەم پێـشانگە فۆتۆگرافییـەی خـاتوو تریفـەدا خـاوەنی جۆرێکـە لـە تایبەتمەنـدی و ئیـستاتیکای هونـەری بـوو، ئـەوەی لـە ئـاودا دەبینرێـت تـەنها زوومـی کامێرەکـەی ئـەم فۆتۆگرافەیـە، کـە دەتوانێـت دونیایـەك پـاکی و شـەفافیەت و ڕۆمانـسیەتی ئـاو پیــشانی بینــەر بــدات، کــە هەریــەك لــەو تــابلۆ فۆتۆییانە هەست بە جۆرێك لە ریتم و تایبەتمەندی دەکەین، کە ڕەنگە لە کارێکەوە بۆ کارێکی تر ئـاو تایبەتمەندی و بەهای خۆی بگۆڕێت، بەڵام دواجار هــەموویان خزمــەت بــە جــوانی و بێگــەردیی ئــاو دەکەن.

لـە وەڵامـی پرسـیارێکدا سـەبارەت بـە کـاری کۆمپیوتەر لە کـارە فۆتۆییەکانیـدا، تریفـە ئـەنوەر وتی "بەهیچ شێوەیەك کۆمپیتەرم بەکار نەهێناوە، چونکە پێم وایە کۆمپیوتەر جوانی و ڕۆحـی هونـەر دەکوژێت، چونکە ئەو ڕەنگانەی کە من بـە کـامێرا گرتــوومن جۆرێــك لــە فزولــی لای بینــەر دروســت دەکەن، کە پرسیاری ئەوە بکات، ئایا ئەو ڕەنگانە چین و چۆن گیراون؟ پێم وابێت ئەمەش یەکێکە لە وەزیفەکانی هونەر، کە دروستکردنی پرسیارە لای بینەر.

لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بـە ڕەنـگ لـە کارە فۆتۆییەکانیدا، تریفە وتی "ڕەنگ پانتاییەکی گەورەی لە کارەکانمدا داگیرکردووە، بـەڵام ڕەنگـە جیـاوازی هـەبێت لـەو ڕەنگـە واقیعییانـەی کـە لـە ژیانـدا دەبینرێـت و لەگـەڵ ئـەو ڕەنگانـەی لـە فۆتۆکانمــدا دەبینرێــت. هەوڵمــداوە حەقیقــەتی ڕەنگـەکان وەك خۆیـان ببیـنم نـەك هـیچ جـۆرە موبالەغەو زیادەڕۆییەك.

ســەبارەت بــە کــاری کۆمپیوتــەریش لــە فۆتۆکانیدا وتی "بەهیچ جۆرێك کۆمپیوتەرم بـەکار نەهێناوە، چونکە من پێم وایە کۆمپیتـەر جـوانی و حەقیقەت و جوانی ڕەنگەکان دەکوژێت، هەربۆیـە هـەوڵم داوە خۆشـم لـە کۆمپیوتـەر بـەدوور بگرم، چونکە ئـەو جوانییـەی لـە حەقیقـەتی ڕەنگەکانـدا هەیــە ، کۆمپیوتـــەر ناتوانێـــت وەك خـــۆی دەریدەخات.

**ئا: شێنێ**






# میدیا ڕەئوف بێگەرد
# لە خوێنی ڕۆژهەڵاتیدا

فێستیڤاڵی ڕۆشنبیریی (عێراق....خۆشەویستە) لە ناوەڕاستی مانگی تەمموزی ئەمساڵ لە لاهای میوانداریی کچە ئەکتەری کورد (میدیا ڕەئوف بێگەرد)ی کرد بۆ نمایشکردنی مۆنۆدرامای (خوێنی ڕۆژهەڵاتی). ئەم شانۆییە لە نووسینی تەلاڵ حەسەن و دەرهێنانی هادی ئەلمەهدی و نواندنی میدیا ڕەئوف بێگەردە..

سەبارەت بەم شانۆییە، میدیا ڕایگەیاند "چیرۆکی مۆنۆدراماکە باس لە گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەکات، بەتایبەتی پرسی ژن و چەوساندنەوەی ژن لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا، هەروەك چۆن هەمیشە ژن مرۆڤی پلە دوو بووە. لە دیالۆژێکی سەرنجڕاکێشی شانۆنامەکەدا میدیا لەسەر زمانی کاراکتەرەکەوە دەڵێت "براکەم دێت بۆ ئەوەی بمکوژێت، ئێوە وەك بینەر چی دەکەن؟ دەتانەوێت مەرگی من ببینن؟ کەس پرسەم بۆ دانانێت، بۆیە خۆم پرسە بۆخۆم دادەنێم، بەم نزیکانە براکەم دێت و چاوەڕوانی بن، من چاوەڕوانی دەکەم و دەمەوێت بمرم!).

لایەنێکی تریش لە نمایشەکە ئاستی نواندنە، بێگومان میدیا یەکێکە لە ئەکتەرە بەناوبانگەکانی شانۆی کوردی، بەتایبەتیش لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا یەکێك بوو لەو خانمانەی کە ئامادەییەکی چالاکی لەسەر تەختەی شانۆ هەبوو، ئێستاش لە ئەوروپا شانبەشانی خوێندنی ئەکادیمی بەردەوام لە مەشق و کاری هونەرییدا بەردەوامە.

نمایشکردنی خوێنی ڕۆژهەڵاتی لە فێستیڤاڵی ڕۆشنبیریی عێراق خۆشەویستە، بووە جێگەی ڕەزامەندییەکی زۆری بینەران و لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی عەرەبەوە پێشوازییەکی زۆری لێ کرا، بەتایبەتی کۆمەڵێك دیدارو چاوپێکەوتنی بە عەرەبی لەگەڵدا سازکراوە، بڕیاریشە لەسەر بانگێشتی وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم شانۆگەرییە لە کوردستان لەگەڵ شانۆییەکی تری هونەرمەندا پێشکەشبکرێت.

# گوڵە هەنار..
# گوڵە شیعرییەکانی هەڵەبجە

رۆژانی 25–2007/7/26، بەڕێوەبەرێتیی ڕۆشنبیریی هەڵەبجەی شەهید یەکەمین فێستیڤاڵی شیعری بەناوی (گوڵە هەنار) سازکرد.

ئەم فێستیڤاڵە تایبەت بوو بە شاعیرە گەنجەکانی هەڵەبجەو شارەزوورو هەورامان، کە بەهۆی ئەوەی هێشتا لە قۆناغی سەرەتادان و فرسەتی بڵاوکردنەوەو ناسینیان کەمە، ئەم فێستیڤاڵەیان بۆ سازکرا. سەرلەبەیانیی یەکەم رۆژی فێستیڤاڵ وتاری بەڕێوەبەری رۆشنبیریی پێشکەشکرا، کە تێیدا ئاماژەی بۆ گرنگیی فێستیڤاڵەکە کردو وتی "ئەمە یەکەمین فێستیڤاڵە سازیدەکەین و ئیتر ساڵانە دەیکەینە نەریت و لەم مانگەدا فێستیڤاڵی گەورە سازدەکەین. ئێمە دەمانەوێت هاوکاریی قەڵەمە تازەپێگەیشتووەکانی ناوچەکەمان بکەین و ئامادەین هەرچی لەتوانامانـدا بێت بۆیانی ئەنجامبدەین".

پاشان هەریەك لە شاعیران (حەکیمی مەلا ساڵح، کەژاڵ ئیبراهیم خدر، ئیدریس عەلی) وەك میوانی فێستیڤاڵەکە شیعریان خوێندەوە. لەماوەی نێوان دوو رۆژو چوار دیداری شیعریدا سەرجەم شاعیرە بەشداربووەکان پێشکەشکران، دوارۆژ کە تەرخانکرابوو بۆ مەرامی خەڵاتەکان و ئاشکراکردنی سەرکەوتووان، لەلایەن لیژنەی هەڵسەنگاندنەوە وتەیەکی پێشکەشکرد، کە تێیدا باس لەوەکرا "دەقەکان ئاستێکی سەرەتاییان هەیەو بەگشتی لەیەك دەچن، لەبەر ئەوە نەدەتوانرا بەپێی پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و میتۆدە رەخنەییەکانی ئەدەب دەقەکان هەڵسەنگێنرێت، بەڵام لەنێو ئەو هەموو لەیەکچوونەشدا هەندێك هەناسە هەبوون بڕێك لەوانی دیکە جودا بوون".

سەرەنجام ناوی سەرکەوتووان لەلایەن لیژنەی هەڵسەنگاندنەوە بەم شێوەیە ئاشکرا کران:

ئارام بامۆکی– یەکەم

نەوزاد مەحمود– دووەم

سیدۆ ئادەم– سێهەم.

جگە لە خەڵاتی سەرکەوتووان سەرجەم بەشداربووانی فێستیڤاڵی گوڵە هەنار خەڵاتی رێزلێنانیان پێبەخشرا.

**ئا: ئایندە**



## (ساول بلۆ)ی کەنەدایی:

# مردن بۆ فەرمانڕەوایی پیرسالاری!



ساول بلۆ (Saul Bellow)ی نووسەری ئەمریکایی‌و بەدەستهێنەری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات لە ساڵی (1976)[1]دا، کە بەرهەمەکانی ئەو کاریگەرییەکی شایستەیان لە ئەدەبیاتی ئەمریکایی بەتایبەت دوای جەنگی جیهانی هەبووە. ساول بلۆ ساڵی (1915) لە لاچین، کە یەکێکە لە ناوچەکانی دەوروبەری شاری مۆنتریاڵ لە (کبک)ی کەنەدا لەدایکبوو. خێزانەکەی ساڵی (1913) لە ڕووسیاوە بۆ کەنەدا کۆچیان کردووەو ئەو تا تەمەنی (9) ساڵی لە بەشێکی هەژارنشین گەورەبوو، کە لێوانلێو بوو لە پەناهەندەیی وڵاتە جۆربەجۆرەکان. گەڕەکێك بوو کە تیایدا ڕووسەکان، مەجەرییەکان، ئۆکرانییەکان، یۆنانییەکان‌و تەنانەت ئیتاڵییەکانی تیادا نیشتەجێبوون. ئەم گفتوگۆیەی کە دەیخوێنیتەوە، بەشێکە لە هەڤپەیڤینێکی (ڕۆبەرت سڤارد)ی مامۆستای زانکۆی ڤیکتۆریا لە کەنەدا لەگەڵ ساول بلۆدا.

ساول بلۆی نووسەری ناسراوی ئەمریکایی، لە ڕۆژی (6)ی نیسانی (2003)دا لە تەمەنی (88) ساڵی‌و بەهۆی مردنی سروشتییەوە لە ماڵەکەی خۆیدا لە برۆکلین کۆچی دوایی کرد. بلۆ لەو سەردەمانەی کە بە نووسەرایەتییەوە سەرقاڵ بوو، یەك جار خەڵاتی پۆلیتزەر(2) ، جارێکیش بەدەستهێنەری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی‌و (3)جاریش بەدەستهێنەری خەڵاتی میللیی کتێب بووە(3). ئەو لە بەرهەمەکانیدا بەزۆری باسی لە بابەتگەلێکی وەك کرۆکی مرۆڤ، ئەزموونی کۆچبەران‌و جولەکەکان‌و بزوانی کۆمەڵایەتی‌و بوارەکانی تر لە ئەمریکا لە سەدەی بیستەمدا دەکرد.. بلۆ لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنیدا سەرقاڵی وانە وتنەوەی ئەدەبیات بوو لە زانکۆی بۆستۆن‌و ئینتمایەکی فراوانی بۆ ئەم کارە هەبوو.

***لە شوێنێکدا وتبووت کە پێویستە هەقیقەت میتۆدێکی هەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ لە ڕەخنەگران لەو بڕوایەدان ڕۆمانی (سەرۆك لە مانگی دیسامبەردا) لەو ڕیزە ڕۆمانانەیە کە ئایدیایەکی نوێ بە خوێنەر دەدات. ئایا پێت وانییە ئەو جۆرە تێڕوانینانە لە**

**پەسەندکردنی کتێبەکە لەلایەن خوێنەرانەوە کەمێ کاریگەر بێت؟**

—ببینە، خوێنەران حەز ناکەن ئازار بدرێن، تەنانەت نایانەوێت نەریتەکانو پێشبینییەکانیان بلەرزێنرێت. بە تێڕوانینی من هەر کە ئەم کتێبەیان بە کتێبی ئایدیا دانا، هەستێك کە ئەو ئایدیایانە لەگەڵیاندایە، فەرامۆشیان کردووەو بەمانایەکی تر لەدەستیانداوە. ئەم کتێبە بۆ من کتێبێکی نموونەییە. ئەگەر بیروباوەڕەکان بەشێوەی هەست نەخرێنەڕوو و وێنا نەکرێن، بێمانا دەبن. ئەگەر ڕۆمان لێوانلێو بوو لە ئەبستراکت، خۆشم ئینتمایەکی ئەوتۆم بۆ لەچاپدانی نەدەبوو. ئەو جۆرە تێڕوانینە بۆ کتێب، لەلایەن خوێنەرانێکی تەمبەڵو بێ سلیقەوە دروست دەبێت، کە تێڕوانینێکی ڕواڵەتییانەیان بۆ کتێب هەیە.

*** هەندێ لە خوێنەرانی بەرهەمەکانی تۆ لەو باوەڕەدان ئەو بەرهەمانەی کە دوای بەدەستهێنانی خەڵاتی نۆبڵ نووسیوتن، دیدێکی تەنگو تاریکیان بۆ ژیان کێشاوە، تا چ ئەندازەیەك لەگەڵ ئەم تێڕوانینەدایت؟**

— ڕەنگە بتوانرێ بوترێ نووسەر تەنها ئامرازێکە. من بە وردی لەپێشدا بڕیار نادەم کە دەمەوێ چی ئەنجام بدەم. تەنها نووسەرە بازرگانو بازاڕییەکانن کە دادەنیشنو بە ئامانجی نووسینی کتێبێك، دەست بە نووسین دەکەن، کە دواتریش دیدو سەلیقەی خوێنەران لەبەرچاو دەگرن. خەڵك دوای ماوەیەك دەیانەوێ تۆ بۆ گروپێكو تەنانەت بۆ فۆرمێك، پۆلێنبەندی بکەن. کاتێ ئەمەیان نییە کە وەك کەسێك یان تاکێك، بایەخ بە تۆ بدات. زۆر سەرقاڵنو بۆ ئەوەی گرفتاری ئەو گومانو ئانارشیزمە نەبن، کە یەخەی هەمووانی گرتووە، ڕوودەکەنە شتگەلێکی ڕۆژانەییو ئاسایی. ناکرێ خەڵك بەهۆی ئەوەی کە شوێنکەوتووی ناو و ناونیشانن تا کارەکانیان بەڕێوە ببەن، سەرزەنشت بکرێن. بەڵام ئەگەر ئەم بابەتە ببێتە هۆی بەهێزکردنی لەخۆباییبوون تیایاندا، هەڕەشەیەکی جددی دەبێت بۆ کولتوورو هونەر.

*** لە بڵاوکراوەی ئەسکویرە (Esquire)دا لە مانگی شوباتی (1982)دا، وتوتە کە ڕێپۆرتەرانو میدیاکان پتر حەز دەکەن پێداویستییە سەرسوڕهێنەرەکانی خوێنەر بەدی بهێنن. جیاوازیی نێوان کاری نووسەرو ڕۆژنامەنووس چییە؟**

—هەق لای تۆیە. ئەمەی کە لەوجۆرە کاتەدا چ شتێك مومکینە بۆ مرۆڤ ڕووبدات، پێم وانییە میدیاکان تا ئەم ئاستە ڕووبەڕووی کێشەکە ببنەوە. ئەوەی میدیاکان بایەخی پێ‌دەدەن، هەواڵە ڕۆژانەییەکانە نەك هەواڵە چۆنایەتییەکان. ڕۆمانێك، چیرۆك یاخود چیرۆکە شیعرێکی باش دەبێ هەواڵە چۆنایەتییەکان ڕەنگ پێ بداتەوە. میدیایەك زانیاری بە تۆ دەدات، یاخود ڕەنگیشە زانیارییەکە هەڵە بێت. لەم هەموو هەواڵو بابەتە هەڵبژێردراوانەدا کە لەتەك یەکتردا دانراون، ڕەنجاوین. لە چەرخی پەیوەندییەکاندا، فێری مرۆڤ کراوە کە ئەوەی پیایدا تێدەپەڕێت، بەئاگابێت. بابەتێکی تر، هەمان مەسەلەی پەیوەندییەکانە. ئێمە لەڕاستیدا نازانین هەواڵ چییە. ئەوەی لە ماسمیدیاکانەوە دەگاتە دەستی ئێمە، تەنها سایەگەلێکی ئەوەیە کە ڕووی داوە. تەنانەت پسپۆڕە لێهاتووەکانو خوێندکارانی ئەم بوارەش بە زەرووڕەت یا بە ناچاری لێی بێئاگان.

***لەلایەکیشەوە هەندێ لە ڕەخنەگران لەو بڕوایەدان کە ئەم ڕۆمانە جۆرو فۆرمێکی مردووی هەیە. وەڵامی تۆ لەم بارەیەوە چییە؟**

– تەواوی فۆرمە ئەدەبییەکان تا کەسێك نەیانبوژێنێتەوە مردوون، ئەمەش کارێکی هەقیقییەو لەبارەی مەزهەبەکانیشەوە ڕاستە. لەڕاستیدا ئێمە لە فەزای ڕووناکبیرانەدا مەلەوانین. کاتێك لە مەرگی ئەم یان ئەو دەدوێین، ئەمەیە کە زۆربەی شتەگەلەکان دەمرن، ڕاستە. هەمووومان هەموو ساتێك دەمرین‌و دووبارە زیندوودەبینەوە، ئەمە لە ساتی لەدایکبوونماندا پێکەوە ڕوودەدەن. لەکاتی خەوتندا مردووین‌و لە سپێدەی ڕۆژدا دواتر زیندوودەبینەوە. ئەگەر مەبەستی ڕەخنەگران لە مردن، دوای هەرجۆرە ئەگەرێکی زیندووبوونەوەیە، ئەوا نازانم، بەڵام پێموایە ئەوان دەربارەی مردنی یەك فۆرمی ئەدەبی تێڕوانینیان دەربڕیوە.

***ئەو سەردەمانەی لە ڤیکتۆریا بوویت، ئایا سەرنجت لە هەستی کەنەداییەکان دەدا بۆ ئەدەبیاتی میللی بەبێ بایەخدان بە ئەدەبیاتی ناوچەکانی تری جیهان؟. لە وانەکانی خوێندنگەو زانکۆدا، بابەتگەلێکی تێروپڕی نووسەرانی کەنەدایی تیادایە، بێگومان خوێندکاران‌و فێرخوازانی زانکۆ دوای تەواوکردنی زانکۆ، زانیارییەکی کەمیان لەبارەی ئەدەبیاتی جیهانەوە هەیە. ئایا پێت وانییە ئەم بابەتە لەمپەری بڵاوبوونەوەی نووسەرایەتی بێت لە وڵاتدا؟**

–لەسەرەتادا پێم وانییە. بەبڕوای من ئەمەی کە خەڵکی کەنەدا بیر لە خۆیان دەکەنەوە یان سەروکاریان لەگەڵ کولتوورو ئەدەبیاتی خۆیاندا هەیە، شیاوی ستایشە. ئەوان پێویستە خۆیان لە کاریگەردانەرترین دەسەڵات لە هەر بەشێکی ژیانیاندا چ باش یا خراپ بکشێننەوە. ئەوان مافی خۆیانە لەم بارەیەوە دادوەری بکەن‌و بڕیار بدەن. پێویستە بۆ سەربەخۆیی خۆیان تێبکۆشن. پرسیارەکە لێرەدایە کە پێویستە بۆ چ شتێك تێبکۆشن؟ توانای کولتووریی ئەوان بۆ بەرگری لە بەرامبەر کاریگەرییەکاندا، تا چ ئاستێکە؟ کێشەکە لێرەدایە کە زیاتر کولتوورەکە لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکان‌و وڵاتە دەسەڵاتدارو پێشکەوتووەکانی ترەوەیە.

کاتێك لە منداڵۆچکەیەك زیاتر نەدەبووم، کەنەدا زۆر لەژێر کاریگەریی وڵاتی بەریتانیادا بوو. شاری مۆنتریاڵ شارێکی بەریتانی بوو، فەرەنسییەکانیش خۆیان لە خوێندنگەکان، کڵێساکان‌و ئەنجومەنەکانیاندا پاراستبوو، هەر بۆیەشە پەیوەندییەکی دۆستانە لەنێوان ئەم دوو کولتوورەدا دروست نەبووبوو. کاتێك (9) ساڵ بووم، دەچووم بۆ خوێندنگەی پرۆتستانەکان لە مۆنتریاڵ. کتێبە ئینگلیزییەکانمان دەخوێندەوەو نزامان دەکرد خوداوەند پادشا بپارێزێت، دواتریش کاتێك لە ئەمریکا بووم، تێگەیشتم کە کولتووری ئەمریکایی چییەو کاتێك گەورەتربووم بۆم ڕوونتر بۆوە. لە بەریتانیاو ئەمریکا لە هەندێ لە بوارە کولتوورییەکاندا بەشێوەی مۆنۆپۆڵانە کاردەکەن. بەم پێیە لە ئەمریکا ناتوانرێ کاریگەریی کولتووری فەرەنساو بەریتانیا لەبەرچاو نەگیرێت‌و کاتێکیش لە کەنەدایت، ناتوانیت کاریگەریی کولتووری ئەمریکایی لەبەرچاو نەگریت.

***ساڵی (1976) خەڵاتی نۆبڵت لە ئەدەبیاتدا وەرگرت. ئایا وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ، ژیان یان هەندێ لە نەریتەکانی تۆی گۆڕی؟**

– من خوێندکاری خەڵاتی نۆبڵ نیم. هیچ کاتێك شتێکی زیادم دەربارەی ئەو نەدەزانی. بەهەمان شێوەی کە خەڵاتەکانی ترم قبوڵ کرد، خەڵاتی نۆبڵیشم وەرگرت. خەڵك زیادەڕۆیی لە توانای خەڵاتی نۆبڵدا دەکەنو زیاد لە ئەندازە بایەخی پێدەدەن. چاوەڕوان دەکرا بەدەستهێنەرانی خەڵاتی نۆبڵ لایەنگری شتگەلێکی باشو نەیاری شتگەلێکی خراپ بن، سەرەڕای ئەوەش بیرکردنەوەیەکی فۆرمیانە هەیە، ئەمەیە کە هەر خەڵاتی وەرگرت ئیتر کارەکانی تەواو بووە. من بەتوندی نەیاری ئەوەم. کاتێك کە (تی.ئێس. ئەلیوت)(4) خەڵاتی وەرگرت، پێم وابوو ئازاری دەدا. لەبەر ئەوەی کە بەمانایەکی تر کۆتایی ژیانی بەسودانەی شاعیرێتیی ئەو بوو، بەڵام نووسەرێکی تری وەك (یتیس)(5) دوای بەدەستهێنانی خەڵاتەکە، باشتر کاری کرد.

هەست دەکەم من هەمان ئەوەم کە پێویستە وابم. بە گوتەی فرۆید، من وابەستەم بە باوکانەوەو کاری باوکانیش ئیتر تەواوبووە. بەمانایەکی تر هەنوکە ئیتر بوومەتە جێی هێرشو ڕەخنەکانی خەڵك. پیرترەکان دەبێ تەحەمولی نەوە نوێیەکان بکەن، ئەمەش واتا "مردن بۆ فەرمانڕەوایی پیرسالاری!". من تەنها خۆمم.

**سەرچاوە:**

سایتی گۆڤاری (قابیل)ی ئەدەبی. (www.ghabel.com).

**پەراوێزەکان:**

1.بلۆ ئەم خەڵاتەی بەهۆی: "بوونی هەردوو ڕەگەزی پەیبردنی مرۆییانەو شیکردنەوەی قوڵ لە کولتووری هاوچەرخداو پێکەوە گرێدانی ئەم دوو ڕەگەزە لە بەرهەمەکانیدا" ئەم خەڵاتەی پێ بەخشرا. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە سایتی نۆبڵ (وەرگێڕی کوردی).

2.ئەم خەڵاتەی بەهۆی بەرهەمی (ئامادەگیی هامبۆڵت)ەوە بەدەستهێنا، کە لە ساڵی (1975)دا بڵاوکرایەوە (وەرگێڕی کوردی).

3.چەند خەڵاتێکی نموونەی خەڵاتی (نێودەوڵەتیی ئەدەبیات–ساڵی 1965، شوالیە لە ئەدەبیاتو هونەردا –ساڵی 1967، میراتی دیموکراسی لە ئەمریکا– ساڵی 1976)ی بەدەستهێناوە (وەرگێڕی کوردی).

4.تۆماس سترنز ئێلیۆت (T .S .Eliot) ساڵی (1888) لە ئەمریکا لەدایکبووەو لە ساڵی (1965)دا کۆچی دوایی کردووە. ساڵی (1948) بەهۆی پێشڕەویکردنی شیعری هاوچەرخ لە ئەمریکادا، خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیی پێ بەخشرا. (وەرگێڕی کوردی).

5.ویلیام باتلەر یتیس (1865–1939)ی نووسەرو شاعیری ئێرلەندی، بەهۆی شیعرە ئیلهامبەخشەکانییەوە لە ساڵی (1923)دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیی پێ بەخشرا. (وەرگێڕی کوردی).

**و: هەنار ئەحمەد**



# گفتوگۆیەك لەگەڵ (ئەندریێ مۆلا)دا

ئەندرێ مۆلای ئەدیبی گەورەی جیهان، بەهۆی وەرگێڕانی زۆرینەی بەرهەمەکانییەوە بۆ پتر لە (20) زمانی زیندووی جیهان، لەسەر ئاستی جیهان ناوێکی ناسراوەو ئەدیبێکی کاریگەردانەر بوو لەسەر ئەدەبیاتی نێهێلیستی ئەورووپی. هەر بەهۆی بەرهەمەکانیشییەوە، خەڵاتی ئەدەبیی نۆبڵی پێ بەخشراوە، لەم کورتە گفتوگۆیەشدا بەڕاشکاوییەوە ئاشکرای دەکات، دەستەی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ غەدرێکی گەورەیان کردووە، کە ئەو خەڵاتەیان بەو بەخشیوە، چونکە پێی وایە ئەدەبیی مەزنتر هەبوون.

***هێشتا هێندە نەبوو خەڵاتی نۆبڵ بە تۆ بەخشرابوو، کە ڕاتگەیاند ئەم خەڵاتە هەقی تۆ نەبووە، بەڵام ئەگەر کەسێکی تر هەمان قسەی بکردایە تۆ دەڕەنجای.**

—من دڵنیابووم کە نۆرەی (پیتر هاندکە)ی نووسەری کلاسیکە.

***بەڵێ، بەڵام ڕێگە بە کەسانی تر نادەی ئەوە لەبارەی تۆوە بڵێن.**

— بەڵێ، ئەو مافەیان نییە!، وەك ئەوەیە کە تۆ کەمئەندام بیتو لەسەر کورسییەکی کەمئەندامی دابنیشیت، لە دۆخێکی لەوجۆرەشدا کەسی تر ڕێگەی پێنادرێ پێت بڵێ "گۆج"، بەڵام تۆ دەتوانی خۆت وا ناوبنێیت. من ڕێگام پێدەدرێ، بەڵام ئەوانی تر نا!.

***ڤاتیکان زۆر تووڕەبوو لەبارەی ئەوەی کە کەسێکی سایکۆلۆژیست و پوچگەرا (بەو شێوەیەی وترا) خەڵاتی نۆبڵی بەدەستهێناوە.**

—ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە بەتایبەتی بەڕای من خراپ بوو. لەبەر ئەوەی ڤاتیکان لە پرەنسیپدا دەبێ پشتیوانی کەسانی لاوازو نەخۆش بێت. وا باشتربوو بڵێن واز لەم ژنە بێچارەیە بهێنن، ئەو ئەوەیە کە هەیە، باشبوو کە ئەم خەڵاتەی وەرگرت هەرچەندە نووسینەکانیشی پوچگەرایانەن. ڤاتیکان دەبێ پشتیوانیی بەدبەختەکان و نائومێدەکان بکات.

***لەڕووی دڵسۆزییەوە...؟**

—بەڵێ، بەڕای من ئەم ڕەفتارە تا دواسنوور نامەسیحییانەیە.

***مارسیل رایش رانیتسکی نووسیبووی کە تۆ "ژنێکی باڵایت"، بەڵام سەرکەوتوو نەبووی لە نووسینی کتێبێکی باشدا.**

—خەمێك لەوە باڵاتر نییە، کە بڵێن ژنێکی سەرنجڕاکێشو کارایە، بەڵام بەکەڵکی نووسین نایەت. ئەمە تۆمەتە، توانای قبوڵکردنیم نییە، لەبەر ئەوەی بە ئەندازەیەکی تەواو خۆم سەرزەنشت دەکەم.

*** تۆ تەنها کەسێکیت کە مافی بچوککردنەوەی خۆتان هەیە.**

—بەڵێ، وایە. حەز ناکەم ئەم کارە کەسێکیتر بیکات. حەزناکەم ئەو کێکە خاوەی کە جارێك بەدەستی خۆم لە دەموچاوم هەڵسوی، کەسێکیتر لەسەر زەوی بە پیسی هەڵیبگرێتەوەو بۆ جاری دووەم بۆ دەموچاومی هەڵبدات. هەرچەندە سروشتیشەو دەزانم ئەمە چاوەنۆڕییەکی زۆری لێدەکرێت، لەبەر ئەوەی هەموو کەسێك دەتوانێ

هەرشتێك دەیەوێ دەربارەی من بیڵێت و بینووسێت.

*مارتین مۆزباخ ای نووسەر تۆی بە (ئەحمەقترین مرۆڤی دنیای خۆرئاوا) ناوزەدکردووە.

—باوەڕ ناکەم. لەبەر ئەوەی ئەو بە خوێنساردییەوە وتەیەکی ڕاستی وت. من لەڕاستیدا ئەحمەقم، تەنها ئەوەیە کە ئەو هەر نەیدەتوانی بیزانێت، لەبەر ئەوەی من ناناسێت. قسەی ڕاست لە مندالّ ببیستە.

*هەندێ کەس تۆیان بە هۆشیار تۆمەتبار کرد.

—باوەڕناکەم. دەزانم کە هۆشیار نیم. بۆ نموونە تۆ ناتوانیت لەگەڵ مندا گفتوگۆ بکەیت لەبەر ئەوەی من بە ئەندازەیەکی تەواو هۆشیار نیم و ناتوانم ڕەوتی بیرکردنەوەیەك تاکۆتاییەکەی بەدوای بکەوم. ماوەیەك لەمەوپێش لەلایەن تەلەفزیۆنێکەوە بۆ بەشداری لە باسێکی فەلسەفیدا بانگهێشتکرام، لە وەڵامدا وتم بەداخەوەم من وەکو کولەکە ئەحمەقم و ناتوانم.

* تۆ پێدەکەنیت و بەڕاشکاوییەوە ئەو قسانەش دەکەیت..

—بەڵێ، بەڵام پێکەنینی من لەڕاستیدا جۆرە ماستاوکردنێکە. گیانلەبەران کاتێك دەیانەوێت داوای لێبوردن بکەن، ددانیان نیشان دەدەن.

**سەرچاوە:**

سایتی (ادبیات و فرهنگ)، تیر 1386.

**ئا: کارزان محەمەد**

# له چاوەڕوانی کردنەوەی دەرگادا



جارێکی ترو بە ئەزموونێکی جیاوازترەوە کامەران ڕەئوف—ی دەرهێنەر لە ئەزموونی (دەرگا)دا بینەری خستە دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە، دڵەڕاوکێی بینەر لەنێوان هەڵبژاردنی دوو ئەگەردا، کە ئەویش (مەرگ و ژیان)ە، ئایا مرۆڤ دەتوانێت بژی بۆ ئەوەی خۆشەویستی بکات؟ یان خۆشەویستی بکات بۆ ئەوەی بژی؟ ئەم دوو ئەگەرە لەناو دوو دیمەنی نێو شانۆنامەکەی (یوسف صائیغ)دا بەردەوام بینەری دادەچڵەکاندن لەو ڕووداوانەی کە لەو دوو دیمەنەدا ڕویان دەدا، (دیمەنی دادگاییکردن، دیمەنی گۆڕستان و زیندووبونەوە) کە ئەم دوو دیمەنە ئەو دیمەنانەبوون نووسەر لە شانۆنامەی دەرگادا نووسیبوونی و کامەران ڕەئوف بە دیدێکی سینۆگرافیانەوە بۆ بینەری دەگێڕایەوە..

کاتێك ئێمە باس لە دیدی سینۆگرافیانە دەکەین، مەبەستمان لەو پانتاییە کراوەو شیعرییە تایبەتمەندییە کە کامەران ڕەئوف لە دەرگاو شانۆییەکانی پێشوتریدا چ (گەشتەکەی حەسەن، شالیر، کۆشك، ماکبێس،...هتد).

زۆربەی ئەزموونەکانی ئەم دەرهێنەرە کوردە پانتایی شانۆو ئیشکردن لە قوڵاییەکانی شانۆدا ئەهمیەتێکی گەورەی هەیە، بە واتایەك ئەو لەناو قوڵایی دەقەوە دەچێتە ناو قوڵایی نمایش و پانتایی شانۆ، هەروەك لە دەرگادا بینیمان کە چۆن لەو دوو دیمەنەدا چ گۆڕستانەکە، چ دادگاییکردنەکە، کە تارادەیەکی زۆر ئیش لە قوڵایی شانۆو سینۆگرافیاو قوڵایی بونیادی ئەکتەردا کرابوو، بینیمان سیروان جەمال و سۆران ئیسماعیل بە هەمان فۆڕمی جارانەوە لەسەر تەختەی شانۆ نەبوون، بەڵکو ئەوان دادوەرو داواکاری گشتی بوون، هەربۆیە لای دەرهێنەر چ بالایان چ فیگەریان لەسەر تەختەی شانۆ لە بارێکی زۆر نائاساییدا گەورە کرابوون، کە ئەمەش هەڵهێنجانی مانایە لەو تێڕوانینەی دەرهێنەر بۆ ئەو مانا جوانانەی کە لە دەقەکەدا بوونی هەیە، بەتایبەتیش خەونی کردنەوەی دەرگا لەنێوان هەردوو کارەکتەرە ژن و پیاوەکەی نێو ئەم نمایشە کە لە گۆڕستانەکەدا خەونیانە ئەو دەرگایە بکەنەوەو لە گۆڕەکە ڕزگاریان بێت.

خاڵێکی تر مامەڵەکردنی دەرهێنەر بوو لە تەك ئەکتەرەکان، بەدەر لەو ڕەگەزانەی تری نمایش، دەبینین چ شەماڵی عەبەڕەش چ سیروان جەمال و چ سۆران ئیسماعیل و چ شادان فوئاد، بە فۆڕمێکی وا نواندنیان دەکردو لە تەك کارەکتەرەکەیاندا گەمەیان دەکردو بینەریان خستبووە ناو نمایشەوە، ڕەنگە ئەمەش یەکێکی تر بێت لە تایبەتمەندییەکانی تری دەرهێنەر کە دەزانێت چ ئەکتەرێك هەڵدەبژێرێت بۆ ڕۆڵبینین و چۆن ئەو ئەکتەرەش دەخاتە ناو ئەو کەشە گشتییەوە، کە دەقەکە لێی دەخوازێت، بۆیە لەم نمایشەدا بە جیاوازیی تواناو ڕەهەندی کارەکتەرەوە نواندن لە ئاستێکی زۆر بالادابوو، هەر ئەمەش وایکردبوو کە بینەران بۆ یەك چرکە لە ڕووداوەکانی نمایش دانەبڕێن.

شانۆیی دەرگا بەرهەمی (کۆمەڵەی هونەریی ئارك)ە و لەسەر بانگێشتی وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێم لە هۆڵەنداوە بانگهێشتکراون بۆ نمایشکردن لە کوردستان و بۆ ماوەی هەفتەیەك لە هەولێرو سلێمانی ئەم نمایشە پێشکەشکرا.

# لیدی ماکپێس تێکشاوە!



ماکپێس یەکێکە لە شاکارە بە ناوبانگەکانی نووسەری ئینگلیزی ویلیەم شکسپیر، لەم شانۆنامەیەدا جیا لە زۆرێك لە شانۆییەکانی تری نووسەر تەکنیکی شۆڕبوونەوە بۆ ناو ناخی کارەکتەر لە ڕادەیەکی بەرزدایە، هەرچەندە شکسپیر لە (ماکپێس)دا کێشەیەکی گەردوونی و مێژوویی مرۆڤی تەرحکردووە، کێشەیەکە کە تا مرۆڤایەتی بمێنێت ئەو کێشەیە لە تازەبوونەوەو لە فۆڕم گۆڕیندایە، ئەو کێشەیەش کێشەی دەسەڵاتە.

جا پێویستە هەر دەرهێنەرێك کە پەنا دەباتە بەر ئیشکردن و دەرهێنانی ماکپێس ئاگاداری ئەم ڕایەڵانە بێت، ئەگەر نا ئەوا دوور دەکەوێتەوە لە مەبەست و داهێنانی شکسپیر.

لە سەرەتای مانگی هەشت لە چەمچەماڵ مەڵبەندی ڕۆشنبیریی چەمچەماڵ ئەم شانۆییەیان خستە سەر تەختەی شانۆ، بەناوی لیدی ماکپێس، واتە لیدیەك هاتە پێش ماکپێس، بەو شیکارەی کە ئیدی خوێنڕێژی و خەونی گرتنەدەسەڵات تەنها لای

ماکپێس نییە، بەڵکو زۆرێك لە کێشەکان پاڵنەرەکەی (لیدی)ە، بەبڕوای من ئەم خوێندنەوەیەی تاڵیب عەبدولکەریمی دەرهێنەر خوێندنەوەیەکی هونەرییانەی جوانە بۆ ئەو تێکستە، جگە لەمەش دەرهێنەرو ستافەکەی هەوڵیان دابوو تا ڕادەیەکی جیاواز لە هەندێ ڕەهەند و مەودای جیاوازی دەقەکەدا کاربکەن، کە ڕەنگە خوێنەری ئاسایی یان دەرهێنەرێکی کەم ڕۆشنبیر هەستی پێنەکات، کە ئەویش تێکشکانی سەرجەم ڕەگەزو لایەنەکانە کە پێکهاتەی نمایشن، لەوانە جەستەی ئەکتەر، مۆزیك، تێکست. بەواتایەك شانۆیی لیدی ماکپێس تێکشکاوە.

ئەم هەنگاوەی تاڵیب عەبدولکەریم جورئەتێکی باشە بەتایبەتی لەم دەڤەرەدا کە تاڕادەیەکی زۆر لە پەراوێزێکی گەورەی هونەری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدایەو دوورە لە چاوی ڕاگەیاندن و میدیای هونەری، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە هەموو جورئەتێك لە هونەردا داهێنانی بەدواوە نییە، بەڵکو ئەم دەرهێنەرە دەکەوێتە بەر ئەزموونێکی نوێ لە کاری هونەری، کە ئەویش دەبێت پارێزگاریی ئەزموونی هونەریی خۆی بکات بە خۆڕۆشنبیرکردنی زیاترو خوێندنەوەو بینینی زیاتر، چونکە ڕۆشنبیری و بینین دوو ڕەگەزی سەرەکین بۆ هەموو دەرهێنەرێکی شانۆیی.

لایەنێکی تریش ئەو ئەکتەرانەی کە لەم نمایشەدا دەبینران تا ڕادەیەکی باش توانیبوویان مامەڵە لەتەك کارەکتەرەکاندا بکەن، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە ڕەنگە بۆ ئەکتەرێکی سەرەتایی قورس بێت ڕۆڵ لە کارەکتەرێکی شکسپیردا ببینێت، هەموو ئەمانە بە پلەی یەك ڕووبەڕووی دەرهێنەر دەبنەوەو ئەو لێی بەرپرس دەبێت.

**فریاد زەنگنە**

# ئەزمونێکی (سپی....سپی) و کەڤاڵە داپۆشراوەکان





هەموو کارێکی هونەری کە بەرهەم دێت لە ئێستادا بەرهەمی یادەوەری و بینینی کەسی بەرهەمهێنە لە چرکەساتی بیرکردنەوەو بەرهەمهێنانی بەرهەمە هونەرییەکەدا، زۆرجاریش مانا هونەرییەکەی ئەو بەرهەمە بینەر پێی دەبەخشێت و ڕەنگە سەرجەم ئەو مانایانە لە زیهنییەتی هونەرمەنددا بوونیان نەبێت، هەر ئەم حاڵەتەشە وا لە بینەری جدی دەکات واتایەکی نوێ بە هونەرمەندو بەرهەمی هونەری ببەخشێت.

زۆرێك لەو کارە هونەرییانەی کە بە ئینستالیشن ناو دەبرێت کارێکن کە ڕۆژانە لە بەردەستی خۆماندایەو ڕۆژانە دەیانبینین ودەستیان لێدەدەین

و ڕەنگە زۆر جاریش فەرامۆشیان بکەین، بە کورتی شتە فەرامۆشکراوەکانی ژیانمان، بەڵام جارێکی تر بــە ڕوئیــاو دیدیگایــەکی نوێــوە مانــای تــازەی پێدەبەخــشین، هــەروەك ئــەو ئەزموونــەی کــە زانــا ڕەسول لە ناوەڕاستی مانگی ئابدا لە گەلەریی زاموا لـە شـاری سـلێمانی پێـی هەڵـسا، کـە داپۆشـینی سەرجەم سیرامیك و پەیکەرو تابلۆی هونەرمەنـدانی ئەو گەلەرییە بوو، بـەم پرۆسـەیە جارێکی تـر زانـا بەشداریی بـە چـەندین هونەرمەنـدی تـر کـرد بـەبێ ئامـادەبوونی جەسـتەیی ئـەوان لـە پێـشانگەکەدا، بەڵکو ئەوان بە تـەنها و بەبێ ویستی خۆیان چـوونە ئـەو یـادەوەری و بینینـەوە کـە زانـا لـە ئـەنجامی تێڕامـانێکی زۆرەوە پێـی گەیـشتبوو، کـە ئـەویش شاردنەوەی بەرهەمە هونەرییەکانە بە خام.

بیرۆکــەی ئــەم کــارە هونەرییــە ڕەنگــە لــە زیهنییەتی زانادا لەوێوە سەری هەڵدابێت کە ئـەو گەیشتووەتە نائومێدییەکی زۆر، کـە ئیـدی هونـەرو بەرهەمی هونەری بە (جدی و ناجدی)ەوە چوونەتە قۆناغی بیرچوونەوەوە، هەروەك ئەو خـۆی دەڵێـت (هەر کارو پێشانگەیەك دەکەیتەوە پاش تەواوبوونی بــە بێــدەنگی دەڕوات و هــیچ گۆڕانێــك دروســت ناکات!). سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەم کارەی ئـەو دەتوانێـت گـۆڕان بکـات؟ زانـا پێـی وایـە ئەمـە قۆناغێکی سەرەتایەو ڕەنگە بە چەندین هـەوڵی تـر بتـوانین ئـەو بێدەنگییـە بـشکێنین و جـارێکی تـر هونەرمەنــدی ئێمــە لــەم وڵاتــەدا دوای نمــایش کارەکانی نەچێتە خانەی بیرچوونەوە.

لایەنێکی تـریش بـەدەر لـە مانـاو تەفـسیر ئـەم بینینەی زانا جوانی و ئیستاتیکایەکی تایبەتمەنـدی بەخشیبوو بە گەلەرییەکە، کە وەك بڵێی سـەرجەم تابلۆکـان لـە قۆنـاغی بیرکردنـەوەو تێڕامـانن لـەو قۆناغە بێدەنگییەی ڕەوتی شێوەکاری کوردی، کـە ئێستا پێیدا دەگوزەرێ.

**سەرکۆ جەمال**

